# ئاخرین رۆژی ئاب ، ئەو زەنگەی بە ئاگای هێنامەوە ..!

بەرەبەیانی 31 ی ئاب بە شەوقەوە چاوەڕێی دەرکەوتنی ئالآی زەردی پارتیمان بووم کە جارێکی دی لە هەولێر بشەکێتەوە ، هەمیشە شانازیم بە هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی پارتیمانەوە دەکردو دەمگوت ئێمە خاوەنی سومبولێکی نەتەوەیی گەورەین کە بارزانی نەمرە و پێم وابوو کە ناکرێ هەرگیز لە ڕێ لابدەین و بەڵکوو دەبێ و پێویستە وەك هەمیشە چرابین بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگا ئەنگوستە چاوەکان ..!

کاتێ ناحەزان لێرەو لەوێ باسیان لە پەیوەندی ژێر بە ژێری ئێمەو بەعس دەکرد و دەیان گوت فلآن مەسئولی پارتیمان لە بەغدا بینی و بارزانی لە مفاوەزاتەکەی بەرەی کوردستانییەوە پەیوەندی ژێر بە ژێری هەر هەیە و چەك و تفا ق لە ڕژێم وەردەگرێ ، نەك هەر بە عەقڵما نەدەچوو بەڵکوو بە پیلان و دیعایەی ناحەزانم دەدایە قەڵەم ..

بەلآم بە داخەوە 31 ی ئاب هەموو ئەو شتانەی من و دەیان ئەندام و کادری دڵسۆزی پارتی بە قسەی هەڵبەستراومان دەزانی بوون بە ڕاستییەکی تاڵ و بە چاوی خۆمان ئالآی زەردی پارتی و بارزانیمان بەسەر ئەو تانك و زرێپۆشانەوە بینی ، کە لە شالآوە بەدناوەکانی ئەنفالدا تەڕو ووشکیان بەیەکەوە دەسووتاند و نیشتمانی کوردانیان دەکردە کاولگە ..!!

شێرە پیاوانی بارزانی بە دوای لیوای حەرەس جمهوری یەوە بوون و غەرقی ئەو تەپ و تۆزە بوون کە دەبابەکانی بەعس بەدوای خۆیانەوە بە جێیان دەهێشت ، بە شانازییەوە هەلهەلەیان دەکێشاو وێنەی سەرۆکیان بەرز دەکردەوە ..!!

یەکەمین جاربوو لە ژیاندا هەست بە شەرمەزاری بکەم و درك بەو ڕاستییە بکەم کە دەمێکە لە خشتە براوم ، ڕووم نەئەهات سەر بەدەرەوەدا بکەم و خۆم لە دراوسێکانم دەشاردەوە ...

تەمەنام دەکرد ئەو ئەندام و کادرانەی یەکێتی کە تا چەند چرکەساتێك پێش بەرەبەیانی 31 ی ئاب چارەیانم نەدەویست یەکێك خۆی بکا بە ماڵەکەی مندا ، چونکە لە هەموو شوێنێك بەشێك لە ئەندام و هەوادارانی پارتی ڕێنوێنی پیاوانی ئەمن و موخابەراتی بەعسیان دەکرد بۆ دەستگیرکردنی ئەندامان ، تەنانەت دۆست و لایەنگرانی ینك و بە کرێگرتەو نۆکەری بێگانەیان دەدانە قەڵەم ..!!

هەفتەیەك لە ژوورەوە دەتلامەوەو ڕووم نەبوو سەر بە دەرەوەدا بکەم ، ڕاستە دەمەویست هەولێر ئازاد بێ و پارتیمان بێتەوە ، بەلآم ئەو هاتنەوەیە نا ...!!

**لەو رۆژەوە نەفرەتم لە رابردووی خۆم کرد و هەموو پەیوەندییەکم بە کاری حزبیەوە بڕی و ئەو وێنانەش کە فێرکرابووین هەمیشە بە پشت سەرمانەوە بن دامگرتن ، چونکە بۆ کوردایەتی بووبووم بە پارتی نەك بۆ خیانەت و بازرگانی بە خوێنی شەهیدانەوە ..!**

**ئەو یادە چەند تاڵ و چەند ئازار بەخشە لە هەمان کاتدا دەکرێ بڵێم هەست بە جۆرێك لە خۆشحاڵی دەکەم چونکە زەنگێك بوو بۆ بەخۆدا چوونەوەو هەڵوێست وەرگرتن ، لەو رۆژەوە فێربووم دەکرێ مرۆڤ کۆت و پێوەندە وەهمیەکان بشکێنێ و چیدی بڕوای بەو ناوانە نەبێ کە هەمیشە وەك شتێکی موقەدەس سەیریان دەکا ، لەو رۆژەوە لە بەرەبەیانی خیانەتی 31ی ئابەوە بڕیارمدا ئازاد بم و ئیدی ماڵی پارتی هەرگیز بە ماڵی خۆم نەزانم ..!!**

**ژیار مستەفا زراری**